ـ میسیۆبرایم! ئەگەر لە گەڵ خێزانت و "برژیت باردۆ" لە ناو گەمێییەکدا، لە دەریادا بان و گەمێیەکەتان وەڕگەڕابا، چیت دەکرد؟

ـ گـــــرێوێ دەکەم خێزانم دەیتوانی مەلە بکات.

نەمدەزانی کە چاوەکانیش دەتوانن قاقا لێبدەن. وەک هی میسیۆ برایم کە ئێستا ئیتر بە دەنگی بەرز قاقایان لێدەدا.

لە ناکاو میسیۆ برایم وەک پێشمەرگەیەک خێرا هەستایە سەرپێ و شەق ڕاوەستا. لەو کاتەدا "برژیت باردۆ" هاتە ژووری بەقاڵییەکەوە.

ڕۆژباش! دەمویست چۆڕێک ئاو بکڕم.

بەڵێ، زۆرباشە مادام!

ـ ماوەیەک لەمەوبەر مووسا، پوپۆلی برای دۆزی‌یەوە و بەیەکەوە چوونە سەفەر. وێش ناچێ جارێ بەم زووانە چاومان پێیان بکەوێتەوە. رەنگ بێ زۆریش پێویست نەکات هێندەیان لێبدوێین.

دەمەساتێکی باش دەچێتە ناو بیرێکی قووڵ. هەمیشە دەگەڵ من بە تەقییەوە دەدوێ و هەڵسوکەوت دەکات_ پاشان وەک سرتەم دەگەڵدا بکات زۆر بە نەرمی دەڵێ:

ـ کە بیری لێدەکەمەوە، منیش هەر وام پێ باشە. هێندێک سەردەم و بیرەوەری منداڵی هەن، کە دەبێ لەبیر بکرێن، تۆڕ بدرێن، وەرد نەدرێنەوە و قەت بۆیان نەگەڕێنەوە .

گوتم:

ـ زۆر حەزم لە دەروونناسی نییە و لێشی نازانم، ئەمن بابایەکم دووکاندار.

*Éric-Emmanuel Schmitt*

# *M. Ibrahim and the Flowers of the Koran*



ئێریک ئێمانوئێل شمیت

ساڵی ١٩٦٠ لە شاری لیۆنی فەڕانسە لەدایکبووە .

خوێندنی دوکتورای لە فەلسەفەدا تەواو کردووە .

لە بواری مۆسیقا و شانۆگەریدا خوێندوویەتی.

کۆمەڵێک کتێب و شانۆنامەی نووسیوە ....